سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان ٢٠١٥

# توێژینەوەیەک دەربارەی
# سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی لە هەرێمی کوردستان

نوسین و ئامادەکردنی

**د. رێباز طاهر لەک**

بەکالۆریۆس لەپزیشکی و نەشتەرگەری گشتی

بۆرد (دکتۆرا) لە تەندروستی گشتی

**M.B.Ch.B / FIBMS – CM**

ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی پرۆگرامی وێستمنیستەر فاوندەیشنە WFD بۆ پشتیوانیکردنی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان

# ناوەڕۆک


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٢ | ڕێبەری پاشکۆکان |
| ٣ | سوپاس و پێزانین |
| ٤ | پوختە |
| ٥ | پێشەکی |
| ٦ | میتۆد |
| ٦ - ١٣ | ئەنجامەکان |
| ١١ - ١٢ | دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان |
| ١٣ | سەرچاوەکان |
| ١٣ - ١٨ | پاشکۆکان |

## سوپاس و پێزانین

سوپاسی بێ پایانم ئاراستەی ئەم بەرێزانە دەکەم :

- زولفا محمود/ سەرۆکی لیژنەی تەندروستی لەپەرلەمانی کوردستان
- د. بورهان یاسین/ بەرێوبەری سەنتەری توێژینەوە لەپەرلەمانی کوردستان
- بەفرین حسن/ شارەزا لەسەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان
- ئەیاد خالد صدیق/ بەرێوبەری پرۆگرام لە رێکخراوی وێست منستەر بۆ دیموکراسی WFD

بۆ هاوکاری بەردەوامیان و متمانەی تەواویان بە من لەئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە.

# پوختە

سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی بریتیە لە بەرەوپێشبردن و راگرتنی بەرزترین ئاستی تەندروستی جەستەیی، هزریی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران لەگشت پیشەکان. لەهەر وڵاتێک هێزی کار ٥٠ – ٦٠ % هەموو دانیشتوان پێکدەهێنێ. ساڵانە لەسەرتاسەری جیهان نزیکەی ١١٠ ملیۆن کرێکار توشی پێکان دەبن بە روداوی جیاجیا و ١٢٠ ملیۆن حاڵەتی نوێ لە نەخۆشی پیشەیی تۆماردەکرێ و ٢ ملیۆن و دووسەد پەنجا هەزار مرۆڤ دەمرن بەهۆی کارەکانیانەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رێژەیەکی کەمی کرێکاران سود لەخزمەتگوزاریەکانی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی وەردەگرن.

**ئامانجەکان:** مەبەستی توێژینەوەکە ئەوەیە کە بتوانێ هەڵسەنگاندێکی گشتی بکات بۆ دۆخی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی لەهەرێمی کوردستان. ئەنجامدانی سەردانی مەیدانی بۆ پرۆژە و شوێنەکانی کارکردنی کرێکاران بۆ دڵنیابون لەهەبونی پێداوستیە سەرەتایەکانی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی. زانینی ئاستی زانستی و ئەکادیمی کارمەندانی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی وەکو بەشداریکردنیان لەخولی راهێنان و بەدەستهێنانی بڕوانامەی پرۆفشناڵ.

**میتۆد:** ئەم توێژینەوەیە بەشێوازی جۆریی (Qualitative study) و لەسەر بنەمای چەندین چاوپێکەوتن و سەردانی مەیدانی ئەنجامدراوە. لەگەڵ وەرگرتنی داتا و زانیاری تایبەت بە سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی. توێژینەوەکە نزیکەی سێ هەفتەی خایاند (لە ٢٤-٢ تاوەکو ١٥-٣-٢٠١٥).

**دەرئەنجامەکان:** بەشێوەیەکی گشتی دۆخی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی لەهەرێمی کوردستان " باش نیە". یاسا و رێنمایەکانی پەیوەست بە سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی کۆنن وە لەگەڵ سەردەمی ئێستا ناگونجێن. کەمی ژمارە و پسپۆریی هەیە لە ستافی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی. جێبەجێنەکردنی رێنمایەکانی تایبەت بە سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی لەشوێنە جیاوازەکانی ئیشکردن و دابین نەکردنی پزیشک و کارمەندی تەندروستی و تیمی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی بەدی دەکرێن. لاوازی هۆشیاری لای کرێکاران دەربارەی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی. داتا و ئامارەکانی تایبەت بە سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی یان کەم و دروست نین یان هەر لە بنەڕەتدا نین.

**راسپاردەکان:** هەمووارکردنەوە و نوێکردنەوەی یاسا و رێنمایەکانی پەیوەست بە سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی. دامەزراندنی سەنتەرێکی نشتیمانی پێشکەوتوو بۆ سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی لەهەرێمی کوردستان. کردنەوەی خولی هۆشیارکردنەوەی تایبەت به سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی بۆ کرێکاران و خاوەنکاران بەهاوبەشی لەگەڵ سەندیکاکانی کرێکاران. ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی دەربارەی هۆکارەکانی پێکان و مردنی کرێکاران لە کوردستان.

# پێشەکی

سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی (س.ت.پ) بریتیە لە بەرەو پێشبردن و راگرتنی بەرزترین ئاستی تەندروستی جەستەیی، هزریی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران لەگشت پیشەکان.١ لەهەر وڵاتێک هێزی کار٥٠ – ٦٠ % هەموو دانیشتوان پێکدەهێنێ. ساڵانە لەسەرتاسەری جیهان نزیکەی ١١٠ ملیۆن کرێکار توشی پێکان دەبن بە روداوی جیاجیا و ١٢٠ ملیۆن حاڵەتی نوێ لە نەخۆشی پیشەیی تۆماردەکرێ و دوو ملیۆن و دووسەد پەنجا هەزار مرۆڤ دەمرن بەهۆی کارەکانیانەوە. ٢ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەهەموو جیهان رێژەیەکی کەمی کرێکاران سود لەخزمەتگوزاریەکانی س.ت.پ وەردەگرن.

عێراق بەیەکێک لەئەندامە دێرینەکانی رێکخراوی کاری جیهانی (ILO) دادەنرێ چونکە لەساڵی ١٩٣٢ بوەتە ئەندام و چەندین پەیماننامەی نێودەوڵەتی واژۆکردوە کە گرنگترینیان پەیماننامەی سیئۆل و ئەستەنبوڵە.

بۆیەکەم جار لەعێراق یەکەی تەندروستی پیشەیی لەساڵی ١٩٦٤کەسەر بەوزارەتی تەندروستی بوو دامەزرا، لە ١٩٧١ پەیمانگەی سەلامەتی تەندروستی کەسەر بە وزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی (و.ک.ک.ک) بوو دروستبوو. پاشان لە ١٩٨١هەردوو لایەن لێکدران و سەنتەری نشتیمانی بۆ س.ت.پ کەسەر بەوزارەتی تەندروستی بوو پێکهێنرا.٣ لەهەشتاکانی سەدەی رابردوو خزمەتگوزاریەکانی س.ت.پ پێشکەوتنێکی زۆری بەخۆیە بینی تا ئەو رادەیەی سەنتەری نشتیمانی عێراقی بۆ س.ت.پ بەیەکێک لەسەنتەرە گرنگ و پێشکەوتوەکانی هەموو ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەراست دادەنرا.٤

خاڵی وەرچەرخان لەمێژوی س.ت.پ ساڵی ٢٠٠٤ رویدا کاتێ سەنتەری نشتیمانی بۆ س.ت.پ لەسەر وزارەتی تەندروستی لادرا و خرایە سەر و.ک.ک.ک و لەدوای ئەوە لە ٢٠٠٨ ئاستی کارگێری بەرزکرایەوە لە بەشەوە بۆ بەرێوبەرایەتی گشتی. بەڵام لە هەرێمی کوردستان ئەم پرۆسەیە درەنگ رویدا و تا ساڵی ٢٠٠٩ س.ت.پ نەگوازرایەوە سەر و.ک.ک.ک و تا ئیستاش هەر وەکو بەش ماوەتەوە و سەر بەبەرێوبەرایەتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتیە.

لەعێراق و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست؛ هەرێمی کوردستان بەیەکێک لەوهەرێمانە دادەنرێ کە بەخێرایی گەشەدەکات لەهەموو بوار و سێکتەرەکان وەکو پیشەسازی، نیشتەجێبون و بونیاتنانی ژێرخان. چەندین کۆمپانیای جیهانی رویان لە کوردستان کردوە بەمەبەستی کارکردن ئەمە سەرەرای کۆمپانیا خۆماڵیەکان. لەگەڵ زۆربونی ژمارەی کرێکاری خۆماڵی و بیانی و زیادبونی بوارەکانی ئیشکردن؛ ژمارەی روداو و نەخۆشی و مردنیش بەهۆی کارکردنەوە زۆر دەبێ. لێرەدا س.ت.پ روبەروی تەحدی راستەقینە بووەوە تاوەکو بتوانێ بەو یاسا و رێنمایی و ستراتیج و پلانە کۆنانەوە خۆی بگونجێنێ لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنانە.

## ئامانجەکان:

مەبەستی توێژینەوەکە ئەوەیە کە بتوانێ هەڵسەنگاندێکی گشتی بکات بۆ دۆخی س.ت.پ لەهەرێمی کوردستان. توێژینەوەکە ئەم ئامانجانەی خوارەوەی هەیە:

١- هەڵسەنگاندن بکات بۆ پەیوندی نێوان بەش یان هۆبەکانی س.ت.پ لەگەڵ هاوبەشە لۆکاڵی و جیهانیەکان وەکو رێکخراوی کاری جیهانی، یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران و رێکخراوە ناحکومیەکان.

٢- ئەنجامدانی سەردانی مەیدانی بۆ کۆمپانیا و شوێنەکانی کارکردنی کرێکاران بۆ دڵنیابون لەهەبونی پێداوستیە سەرەتایەکانی س.ت.پ.

٣- زانینی ئاستی زانستی و ئەکادیمی کارمەندانی س.ت.پ وەکو بەشداریکردنیان لەخولی راهێنان، بەدەستهێنانی بڕوانامەی پرۆفشناڵ و چەند چالاکیەکی دیکە.

## میتۆد

ئەم توێژینەوەیە بەشێوازی جۆریی (Qualitative study) و لەسەر بنەمای چەندین چاوپێکەوتن و سەردانی مەیدانی ئەنجامدراوە. لەگەڵ وەرگرتنی داتا و زانیاری تایبەت بە س.ت.پ. توێژینەوەکە نزیکەی سێ هەفتەی خایاند (٢٤-٢ تاوەکو ١٥-٣-٢٠١٥). توێژەر بەنیازی ئەوەبوو کە لێکۆڵینەوەکە هەموو هەرێمی کوردستان بگرێتەوە بەڵام لەبەر هۆکاری لۆجیستی و کەمی کات تەنیا شاری هەولێر وەکو نمونە هەڵبژێردرا و پاشان دەرئەنجامەکان گشتاندنیان بۆ دەکرێ بەسەر هەموو شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان.

**چاوپێکەوتنەکان:** بەکۆی گشتی ١١ دیدار ئەنجامدراوە. شەشیان لەگەڵ لایەنی جێبەجێکار (و. ک.ک. ک) سێ چاوپێکەوتن لەگەڵ لایەنی داکۆکیکار لەبەرژەوەندی کرێکاران (یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران) و دوو دانەش لەگەڵ خاوەن کار (پاشکۆی یەکەم). ئەمە جگە لە چەندین دیداری راستەوخۆ لەگەڵ کرێکاران کە لە سەردانە مەیدانیەکان جێیان بۆ تەرخان کرابوو.

فۆرمێکی تایبەت بۆ چاوپێکەتنەکان دروستکرا بە پشتبەستن بە یاسا و رێنمایی و توێژینەوەکانی تایبەت بە س.ت.پ. فۆرمەکە لە ١٠ پرسیاری تایبەت بە کریکاران و یاساکان و جێبەجێکردنی س.ت.پ پێکهاتبوو (پاشکۆی دووەم ).

**سەردانە مەیدانیەکان:** بەپێی ئەو پۆلینکردنەی و.ک.ک.ک دایناوە؛ شوێنەکانی کارکردن دەکرێن بە سێ جۆر. یەکەم: ئەو جێگایەی لە ٢٠٠ م٢ کەمتربێ پێی دەگوترێ (شوێنی میللی). دووەم: ئەوەی لە ٢٠٠ م٢ زیاتربێ بە (کارگە) ئەژماردەکرێ. سێیەم: پرۆژەکانی نیشتەجێبون بە (شوێنی کاتی) یان (پرۆژە) دەناسرێن بێ گوێدانە روبەری ئەو شوێنە. شایانی باسە بەشی س.ت.پ مۆڵەت تەنها بە شوێنی یەکەم و دووەم دەدات و چاودێری خولییان بۆ دەکات وەلێ بۆ پرۆژەکان مۆڵەت نابەخشێ تەنیا چاودێریان دەکات.

بەپێی ئەو پۆلینکردنەی و.ک.ک.ک توێژەر نمونەی لەهەرسێکیان وەرگرتوە و سەردانی حەوت شوێنی کردوە. دوو شوێنی میللی، سێ کارگە و دوو پرۆژە (پاشکۆی سێیەم). بۆ ئەم مەبەستە لە لایەن توێژەرەوە فۆرمێک دروستکرا کە پێکهاتبوو لە ٣٥ برگەی تایبەت بە شوێنی کارکردن، کرێکاران، مەترسیەکان لەکاتی ئیشکردن ...هتد (پاشکۆی چوارەم).

**داتا و ئامارەکان:** داتا و ئامار لەگشـــت لایەنە پەیوەندیدارەکان بە رەوشـــی کرێکارن داواکراوە؛ و.ک.ک.ک، یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران و دەستەی گشتی ئاماری هەرێم. ئەو زانیاریانەی داواکرابون بریتی بون لە ئاماری هێزی کار، ژمارەی کرێکاران، پەککەوتنی و مردنی کرێکاران و هەندێ داتای دیکەی پێوســـت (پاشـــکۆی پێنجەم). جێی ئاماژە بۆ کردنە کەوا هەر چاوپێکەوتنێک لە ٢٠ تا ٣٠ خولەکی دەخایاند و دوای وەرگرتنی رەزامەندی لەوانەی کە دیداریان لەگەڵ کراوە هەموویان تۆمارکراون و سەرجەم ئاخاوتنەکان بە زمانی کوردی کراون ئەجامدراون.

## ئەنجامەکان

دارشتنی ئەم بەشەی توێژینەوە لەسەر بنەمای ئەو چاوپێکەوتن و سەردانە مەیدانیانە دەبێ کە کراون و ئەو ئەمارانەی کە وەرگیراون (پاشکۆکانی دووەم تا شەشەم). گرنگترین خاڵ و سەرنج و تێبینیەکان لێرە تیشکیان دەخرێتە سەر.

### چاوپێکەوتنەکان

**- کرێکارانی سودمەند لەخزمەتگوزاریەکانی س.ت.پ:** بەشێوەیەکی سەرەکی هێزی کار لەهەرێمی کوردستان بۆسەر دوو کەرت دابەشدەبێت. کەرتی گشتی (حکومی) و کەرتی تایبەت (ناحکومی). کرێکار واتە هەرکەسێ کەئیش بۆ خاوەن کارێک دەکات لەبری پاداشتێک.٥ بەپێی یاسای ژمارە ١٥٠ی ساڵی ١٩٨٧ی حکومەتی عێراقی هەموو کرێکارنی

کەرتی گشـــتی کرانە فەرمانبەری میریی و یاســـای خزمەتی مەدەنی دەیانگریتەوە. بونی کریکار وابەســـتەکرا بەکەرتی تایبەت وە یاســـاکانی کار و س.ت.پ. و دڵنیای کۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە (یاســـای ٧١، ٣٩ لەگەڵ ڕێنمای ٢٢). لەکەرتی تایبەتیش کرێکاران بۆ ســـــەر دوو چین دابەشـــــدەکرێن؛ فەرمی و نافەرمی. فەرمی واتە هەر کرێکارێک کەلە کۆمپانیا، کارگە یان هەر شـوێنێک لەکەرتی تایبەت ئیش بکات و ناوی تۆمار کردبێ لەبەڕێوبەرایەتی گشـتی کار و دەسـتەبەری کۆمەڵایەتی بۆیە لەکاتی نەخۆشی و ڕوداو یان مردن؛ خۆی یان کەسوکاری سودمەند دەبن لە یاساکانی کار و بیمەی کۆمەڵایەتی بەپێچەوانەی ئەو کرێکارە نافەرمیەی کەناوی خۆی تۆمارنەکردوە و خاوەنکاری دیاریکراوی نیە. ئەمەش کێشـەیەکی گەورەی دروسـتکردوە چونکە کەس بەتەواوی ژمارەیان نازانێ و هیچ توێژینەوەیکیش لەسـەریان نەکراوە. بەم جۆرە س.ت.پ تەنیا کار لەســـــەر کرێکاری فەرمی دەکات لەکەرتی تایبەت. لەوەش کار لەســـــەر هەموو پیشـــــە و پیشەدارەکان ناکەن؛ بۆ نمونە چێشتخانە، سەرتاش و چەند پیشەوەرێکی تر.

**- کاریگەری بەرزبونەوە و کەمبونەوەی ژمارەی کۆمپانیا و کرێکاران لەسەر چالاکیەکانی س.ت.پ:**

**- ڕۆڵی وزارەتی تەندروستی لە س.ت.پ:** بەشـداربوان بەتێکرایی هاودەنگبون لەسـەر ئەوەی دوای گواسـتنەوەی میلاکی س.ت.پ لە ٢٠٠٩ لە وزارەتی تەندروســـــتیەوە بۆ ســـــەر و.ک.ک.ک ئیتر هیچ ڕۆڵێ و پەیوەندیەکی بە س.ت.پ نەماوە بەڵام پێیان باشـــــبوو کەوا هەماهەنگی و پەیوەندی بەردەوام هەبێ لەنێوان هەردوولایەن بەتایبەت لەبواری دابینکردنی پزیشک و کارمەند و خزمەتگوزاری تاقیگەیی و ئەنجامدانی پشکنین بۆ کرێکاران.

**- پیشەگەریی (پرۆفیشناڵیی) کارمەندانی س.ت.پ:** لەهەرێمی کوردستان لەبەر نەبونی کۆلێژێک یان پەیمانگایەکی تایبەت بە س.ت.پ بۆیە دەبینین کارمەندی ئەکادیمی و پرۆفیشـــــناڵ لەو بوارە نیە. ئەو کارمەندەی لەوێش کاردەکات دەرچوی بەشەکانی کیمیا، فیزیا، بایۆلۆجی، کارگێری یان پەرستارین و کارەکانی س.ت.پ بەڕێوەدەبەن.

**- بەشداریکردنی ستافی س.ت.پ لەخولی ڕاهێنان یان کردنەوەی خولی هۆشیاری بۆ کرێکاران:**

لەگەڵ دامەزراندی کارمەندی نوێ لە و.ک.ک.ک بۆ بەڕێوەبردنی کار و چالاکیەکانی س.ت.پ لەدوای ســـــاڵی ٢٠١٠ ژمارەیەکی کەمی خولی تایبەتمەندیان بۆ کراوەتەو کە مەزەندە دەکرێن بە دوو یان ســـــێ خول کە تەنها بۆ چەند ڕۆژێکی دیاریکراو بەردەوام بوون. دانەیەکیان لەلایەن ســـــەنتەری نشـــــتیمانی س.ت.پ عێراقی و یەکێکی تری لەلایەن ڕێکخراوی کاری جیهانیەوە کراوەتەوە. ئەمە ســـــەرەڕای ئەوەی لەکوردســـــتان چەندین ڕێکخراوی بیانی هەیە کە بڕوانامەی پەســـــندکراوی دامەزراوە جیهانیەکان دەبەخشـــــن وەکو (IOSH) و (NEBOSH). لەبەرامبەردا ســـــتافی س.ت.پ خشتەیەکی دیاریکراویان نیە بۆ ئەنجامدانی خول بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەی کرێکار و خاوەنکارەکان.

**- دامەزراندنی سەنتەرێکی س.ت.پ:** لەگەڵ ئەوەی لەکاتی ئێستا س.ت.پ لە شەش شار و شارۆچکەی کوردستان بونی هەیە (هەولێر، سـۆران، دهۆک، زاخۆ، سلێمانی، گەرمیان) بەڵام لەئاستی هۆبەیە و سـەربە بەڕێوبەرایەتی گشـتی کار و دەســـتەبەری کۆمەڵایەتیە. بۆ پێشـخســـتنی س.ت.پ لەهەرێمی کوردســـتان هەموو بەشـداربوان پێیان باشـبوو لەداهاتوو بکرێت بە سـەنتەرێکی نشـتیمانی مۆدێرن بەڵام بە دید و بۆچونی جیاواز. هەندێکیان وایان بەباش دەزانی کە لە ئاســـتی بەڕێوبەرایەتی گشـــتی بێ بەڵام هەندێکی تریان بەڕێوبەرایەتیان لا پەســـەندتر بوو. ئەمە ســـەرەڕای دانانی ستافی کارامە و شارەزا، کردنەوەی خولی تایبەت، دابینکردنی پێداویستی لۆجیستی ... هتد.

**- یاساکانی تایبەت بە س.ت.پ:** لەوڵاتی عێراق ئەو یاسا و ڕێنماییانەی پەیوەندیان بە کار و س.ت.پ دەگاتە نزیکەی ٢٢ ئەمە ســـــەرەڕای ٦٤ پەیماننامەی نێودەوڵەتی کە عێراق واژوی لەســـــەریان کردوە و دەبێ کاریان پێ بکات. بەڵام ئەوەی ســـــەرنجی توێژەر ڕادەکێشـــــێ ئەوەیە کە لە کوردســـــتان بەتەنیا بایەخ بە دوو یاســـــا و یەک ڕێنمای دەدرێت کەئەوانیش بریتین لە یاسـای ژمارە ٧١ی سـاڵی ١٩٨٧، یاسـای ٣٩ی سـاڵی ١٩٧١ و ڕێنمای ٢٢ی سـاڵی ١٩٨٧. بە ڕای زۆربەی زۆری ئەوانەی دیمانەیان لەگەڵ ئەنجامدراوە بەشـــێوەیەکی گشـــتی یاســـاکان پێوســـتیان بەنوێکردنەوە و

هەمواركردنەوە هەیە چونكە نزیكەی ٣٠ ساڵ یان زیاتر بەسەر هەندێكیان تێپەڕیوە و بۆ سەردەمێک دانراوە كەجیاواز بووە لەئێستا و زیاتر هزر و فەلسەفەی سۆشیالیستی (اشتراكی) بەسەریانەوە زاڵە و لەگەڵ سیاسەتی كرانەوە و بەتایبەتكردن (خصصة) و بازاڕی ئازادی هەرێم ناگونجێ. شایانی باسە هەموان كۆكبون لەسەر ئەوەی جێبەجێكردنی یاساكان زۆر گرنگە و هیچی كەمتر نیە لەدەركردنی خودی یاساكان چونكە لەگەڵ ئەوەی كۆن بوون بەڵام هەندێ بڕگە و دەقی باشی تێدایە وەلێ مەخابن بەچاكی پەیڕەوناكرێن.

**- ئامادەكردنی پڕۆژە یاسایەكی تایبەت بە س.ت.پ:** ئەوەی ئێستا دەگوزەرێ لەهەرێمی كوردستان ئەوەیە كە چەند ڕێنمایەكی تایبەت هەیە بە س.ت.پ (ڕێنمایی ژمارە ٢٢ی ساڵی ١٩٨٧) لەگەڵ بەشی چوارەم لەیاسای كاری ژمارە ٧١ كە لە حەوت مادە پێكهاتوە.

زۆربەی كاربەدەست و بڕیادەرەكان لەلایەنی جێبەجێكار پێیان باشە لەداهاتوو پڕۆژە یاسای س.ت.پ بەشێوەیەكی سەربەخۆ ئامادەنەكرێ بەڵكو بەشێک بێ لەو گۆڕانكاری و هەمواركردنەوەیەی كە دەیانەوێ لەیاسای كار بیكەن. چونكە بە ڕای ئەوان – كە تا ڕادەیەكیش پراكتیكیە – یاساكان زۆرن و سەرلێشێواندن دروست دەكەن لەوەش گرنگتر جێبەجێكردنە نەک تەنیا یاسا دەركردن.

بەپێچەوانەی ئەم بۆچونە زۆرینەی بەژداربوان لەخاوەنكار و سەندیكاكانی كرێكاران وای دەبینن كە پڕۆژە یاسایەكی هاوچەرخ و سەربەخۆ و تایبەت بە س.ت.پ ئامادەبكرێ و پاشان بكرێتە یاسا و كاری پێبكرێ بۆ ئەوەی زیاتر خزمەت بە كرێكاران بكرێ و دۆخی س.ت.پ چەندین هەنگاو بەرەو پێش بڕوات.

شایانی باسە لەپڕۆژە یاسای ساڵی ٢٠١٢ و.ک.ک.ک كەپێشكەشی ئەنجومەنی كوردستانی كراوە بە روونی دیارە كەوا بایەخ بە بواری س.ت.پ نەدراوە. هاوشێوەی یاسا كۆنەكەی ژمارە ٧١ كە بەر لە ٢٨ ساڵ دەرچوە ئەویش بەهەمان شێوە داڕێژراوەتەوە بێ ئەوەی تەنیا بڕگەیەكیشی بۆ زیاد بكرێت جگە لەكەمكردنەوەی مادەیەک و گۆڕینی پارەی سزادانەكە لە دینارەوە بۆ ملیۆن دینار.٦

**- كرێكارە نافەرمیەكان:** ژمارەیەكی زۆری ئەوانەی كە توێژەر دیداری لەگەڵ سازكردبون هاوڕابون لەسەر ئەوەی كە دەتوانرێ ئەو كرێكارانەی كەوا لەهیچ لایەنێک تۆمارنەكراون سود لە خزمەتگوزاریەكانی س.ت.پ وەرناگرن بەیاسای هەمواركراوی ٣٩ كە بە یاسای ٤ی ٢٠١٢ ناودەبرێت دەتوانرێ شوێنیان بۆ بكرێتەوە و سودمەندبن لە بیمە و دڵنیای كۆمەڵایەتی.

**- هەڵسەنگاندن بۆ دۆخی س.ت.پ لە هەرێمی كوردستان (بەشێوەیەكی گشتی):** ئەوەی بەشداربوانی لایەنی جێبەجێكار و سەندیكاكانی كرێكارانی كۆدەكردەوە ئەوە بوو كە بە بەشێوەیەكی گشتی دۆخی س.ت.پ لە هەرێمی كوردستان " باش نیە". زۆربەیان پێیان وابوو كەوا لەخوار مامناوەندیە واتا لاواز یان خراپە. بەڵام خاوەنكارەكان وایان دەبینی كە دۆخەكە زۆر خراپە.

## سەردانە مەیدانیەكان

یاسا و ڕێنمایەكانی تایبەت بە س.ت.پ پڕۆژە و شوێنەكانی كاركردنی كرێكاران دەكاتە چوارجۆر بەپێی ژمارەی كرێكاران بۆ كەمتر لە ٥٠ و ٥٠ – ١٠٠ و ١٠٠ – ٥٠٠ و لە ٥٠٠ كرێكار زیاتر. بەڵام پۆلێنكردنی شوێنەكان لە هەرێمی كوردستان بەشێوازێكی دیكەیە بۆ سێ جۆر دابەشدەكرێت:

آ- ئەو جێگایەی لە ٢٠٠ م٢ كەمتربێ پێی دەگوترێ (شوێنی میللی).

ب- ئەوەی لە ٢٠٠ م٢ زیاتربێ بە (كارگە) ئەژماردەكرێ.

ج- پڕۆژەكانی نیشتەجێبون بە (شوێنی كاتی) یان (پڕۆژە) دەناسرێن بێ ڕەچاوكردنی ڕوبەری ئەو شوێنە.

بەپشـــت بەســـتن بەم پۆلینکردنە توێژەر ســـەردانی هەر ســـێ جۆری کردوە بەکۆی گشـــتی حەوت ســـەردانی مەیدانی ئەنجامداوە. ئەوەی تێبینی دەکرا ئەوەبوو کرێکاری زۆربەی پرۆژەکان یان بیانی بوون یان تێکەڵ، کەم جاری واهەبوو کرێکاری خۆماڵی بێ بەتەنیا بێ. هیچیان لەلقەکانی ســـەندیکای کرێکارن تۆمار نەکرابون، لەوانەیە هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کەوا بەئەندام بوون لەو ســـەندیکایانە ئارەزومەندانەیە و لەوانەشـــە ســـەندیاکاکان کەمتەرخەم بووبن لە تـــــێگەیاندنی کرێکاران دەربارەی گرنگی بەئەندام بوونیان. نیوەی زیاتری پرۆژەکان ســـەرجەم کرێکارانی خۆیان تۆمار کردبوو لەبەرێوبەرایەتی گشـــتی کار و دەســـتەبەری کۆمەڵایەتی تاوەکو ســـودمەندبن لەدڵنیایی کۆمەڵایەتی، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا بەرێوبەرایەتی ناوبراو زۆر جەختی لەســـــەریان کردبووەوە و وەکو مەرجی لێهاتبوو بەســـــەریان. لەگەڵ ئەوەش هەندێ لەشـــوێنەکان پابەند نەبون و هیچ کام لە کرێکاران خۆی تۆمار نەکردبوو بەتایبەت کرێکارە خۆماڵیەکان. نزیکەی سەرجەم شوێنەکان پابەندبون بەکاژێرەکانی ئیشکردن کەهەشت کاژێرە. جێی ئاماژە پێدانە ئەو بڕگە و بابەتانەی کەوا پەیوەندی راستەوخۆیان بە س.ت.پ هەبوو یان نەبوون یان خراپ بوون (خشتەی ژمارە١).

**خشتەی (١): ئەنجامی سەردانە مەیدانیەکان.**

| نیە | خراپە | مامناوەندە | باشە |
|---|---|---|---|
| ١. رێنمایی تایبەت بە ت.س.پ<br>٢. تۆماری تایبەت بە ت.س.پ<br>٣. پزیشک<br>٤. کارمەندی تەندروستی<br>٥. پشکنینی پزیشکی پێش دامەزراندن<br>٦. پشکنینی پزیشکی خولیی<br>٧. خولی راهێنان پێش دامەزراندن<br>٨. خولی هۆشیارکردنەوەی ت.س.پ | ١. فریاگوزاری سەرەتایی.<br>٢. پابەندبونی کرێکاران بە کەلوپەلی خۆپاراستنەوە<br>٣. ستافی تایبەت بە س.ت.پ | ١. ئاگرکوژێنەوە<br>٢. کەلوپەلی خۆپاراستن<br>٣. شوێنی حەوانەوە<br>٤. سودوەرگرتن لەپشوو<br>٥. ئاودەست و دەسشۆر<br>٦. روناکی<br>٧. ژاوەژاو | ١. ئاوی خواردنەوە<br>٢. خواردن<br>٣. جیاکردنەوەی پرۆسە مەترسیدارەکان<br>٤. جیاکردنەوەی ماددە مەترسیدارەکان |


## ئامار و داتاکان

کۆکردنەوەی داتا و ئامار بە زەحمەتترین بەش دادەنرێ لەم توێژینەوەیە چونکە ئامارەکان بەدروســـتی دەســـت ناکەون مەگەر بەدەگمەن نەبێ. وەرگرتنی زانیاری و داتای ورد ئاستەمە چونکە داتاکان یان:


1. هەر لە بنچینەوە نین بۆ نموونە کاتێ داوای داتـای تـایبەت بە نەخۆش کەوتنی کرێکارن دەکەین یـان ژمـارەی کرێکارە نافەرمیەکان.
2. فەوتاون وەکو ئاماری سالانی پێش٢٠١٠ و ٢٠١١
3. دروست نین و کەسی شارەزا و پسپۆڕ گومانی هەیە لە راستیان و پێوستیان بە پێداچونەوە و وردبونەوە هەیە.
4. تەواو نین (کەم و کورتیان هەیە) وەکو داتای مردنی کرێکاران یان ژمارەی ســـەردانی تیمەکانی س.ت.پ چونکە تا ژمارەی تەواوی شـوێن و پرۆژەکانمان نەبێ و رێژەی دەرنەکەین هیچ مانایەکی زانســـتی نادات و تەنیا وەکو ژمارە دەمێنێتەوە.
5. وردەکاریان نیە؛ زۆربەی داتاکان بەشـێوەی کۆی گشـتی تۆمارکراون (Total) و کە دێیتە سـەر وردەکاریەکان بونیان نیە لەوانە رەگەزی نێر یان مێ، کرێکاری بیانی یان خۆماڵی، تەمەن...هتد.
6. نەبونی یەک لایەنی بەرپرس لەکۆکردنەوەی داتاکان و زۆریی سـەرچاوەکانی بۆ نمونە و.ک.ک، سـەندیکاکانی کرێکاران و دەستەی گشتی ئاماری هەرێم سەرەڕای ئەمەش نەبونی هەماهەنگی لەنێوانیاندا بەدی دەکرێت.

7. پێنەدانی زانیاری و ئامار بەهەر هۆکارێک بێ وەکو ئەوەی رویدا لەلایەن دەستەی گشتی ئاماری هەرێم و یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران.
8. جیاوازیەکی زۆر هەیە کاتێ داتای دوو دامەزراوە بۆ هەمان بابەت وەردەگری بۆ نمونە: بەپێی دەستەی گشتی ئاماری هەرێم بێکاران بۆ سالّی ٢٠١٢ ژمارەیان ٩٤٩٥٣ کەسە و بۆ ٢٠١٣ دەگەنە ٨٧١٨٦، لەکاتێکدا بەپێی ئامارەکانی و.ک.ک ئەم ژمارانە تەنیا ١٤٠٨١ و ١٤٥٥٤ کەسە بۆ ئەو دوو سالّە. واتە نزیکەی ١٥% ئەو ژمارەیەی دەستەی ئاماری هەرێمە.

بە شێوەیەکی گشتی لەکۆی ئەو ١١ ئامارەی توێژەر داوایانی کردبوو لەگەلّ زانیاری دەربارەی ستافی س.ت.پ لەهەریمی کوردستان تەنیا دووی دانەیان بەدروستی دەستکەوتن کەبریتی بوون لە ژمارەی دانیشتوانی هەرێم و کارمەندانی س.ت.پ (پاشکۆی شەشەم). بۆیە توێژەر ناتوانێ کرداری شیکاری پرۆفشینالّ و پەیوەندی ئاماریی (Statistical associations) بدۆزێتەوە و پرۆسەی بەراوردکاری لەنێوان داتاکان و بابەتەکان و لەگەلّ ولّاتانی دراوسێش ئەنجام بدات.



له گرافی (١ و ٢) بۆمان دەردەکەوێ لەهەموو هەرێمی کوردستان تەنها ٣٠ ستاف هەیە بۆ بەرێوەبردنی سەرجەم کاروچالاکیەکانی س.ت.پ. کە زیاتر لە نیوەیان لەپارێزگای هەولێرن. تەنیا ٣٠% کارمەندان پسپۆریەکەیان تا رادەیەک نزیکە لەبواری س.ت.پ.




## دەرئەنجام و راسپاردەکان

### دەرئەنجامەکان:

1. بەشێوەیەکی گشتی دۆخی س.ت.پ لەهەرێمی کوردستان باش نیە.
2. یاسا و رێنمایەکانی پەیوەست بە س.ت.پ کۆنن وە لەگەڵ سەردەمی ئێستا ناگونجێن زۆربەیان نزیکەی ٣٠ ساڵە یان زیاتر دانراون بەمەبەستی خزمەتکردنی سیاسەتێکی دیاریکراوی ئەو سەردەمە.
3. گرنگی نەدان بە س.ت.پ لە رووی کارگێری و هەیکەلیەوە بەوەی تائێستاش لەشار و شاروچکەکانی هەرێمی کوردستان لەئاستی هۆبەیە.
4. کەمی ژمارە و پسپۆریی هەیە لە ستافی س.ت.پ تائێستا تەنها پزیشکێک یان کارمەندێکی تایبەتمەند نیە بەو بوارە لە و.ک.ک.ک ئەمە سەرەڕای بەشدارینەکردن لەخولی تایبەت.
5. جێبەجێنەکردنی رێنمایەکانی تایبەت بە س.ت.پ لەشوێنە جیاوازەکانی ئیشکردن و دابین نەکردنی پزیشک و کارمەندی تەندروستی و تیمی پرۆفشناڵی س.ت.پ.
6. لاوازی هۆشیاری دەربارەی س.ت.پ لای کرێکاران بەجۆرێک لە زۆربەی حاڵەتەکان کەلوپەلی خۆپاراستن دابینکراوە لەلایەن خاوەنکارەوە بەڵام ئەوان بەکەمی یان ناڕێکی بەکاری دەهێنن.
7. خواردن و ئاوی خواردنەوە و شوێنی حەوانەوەی کرێکاران بە شێوەیەکی گشتی باشبوو.
8. رۆڵی سەندیکاکانی کرێکاران لە س.ت.پ زۆر لاوازە و هەماهەنگیان نیە لەگەڵ خاوەنکار و کرێکاران و لایەنی جێبەجێکار.

9. پەیوندی نێوان ستافی س.ت.پ لەگەڵ هاوبەشە لۆکاڵی و جیهانیەکان وەکو رێکخراوی کاری جیهانی، یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران و رێکخراوە ناحکومیەکان لاوازە و هەماهەنگی باش نیە لە نێوانیان.
10. بەشـــێکی گرنگی کرێکاران کە بە کرێکاری نافەرمی دەناســـرێن و ژمارەیان نادیارە بێ بەشـــن لە خزمەتگوزاریەکانی س.ت.پ و دڵنیایی کۆمەڵایەتی.
11. هیچ پشـــکنینێکی پزیشـــکی بۆ کرێکاران ناکرێ پێش دانانیان لە کارەکانیان تاوەکو بزانرێ ئایا توانای جەستەیی و دەروونی گونجاوە بۆ ئەو کارە یان نا. بەهەمان شێوە پشکنینێکی پزیشکی خولیی بۆیان ئەنجام نادرێت.
12. داتا و ئامارەکانی تایبەت بە س.ت.پ یان کەم و دروست نین یان هەر لە بنەڕەتدا نین.

## راسپاردەکان:

1. پێداچونەوە و هەموارکردنەوە و نوێکردنەوەی یاسا و رێنمایەکانی تایبەت بە س.ت.پ.
2. دامەزراندنی سەنتەرێکی نشتیمانی پێشکەوتوو بۆ س.ت.پ لەهەرێمی کوردستان و بەرزکردنەوەی هۆبەکانی س.ت.پ لەشار و شاروچکەکان بۆ ئاستی بەرێوبەرایەتی.
3. زیادکردنی ژمارەی ســتافی س.ت.پ و دابینکردنی پزیشــک و کارمەندی تەندروســتی پســپۆڕ و بەشــداری پێکردنیان لە خولی پێشکەوتوو و تایبەتمەند.
4. بەهێزکردنی لایەنی چاودێری و ســـزادانی ئەو شـــوێن و پرۆژانەی کە رێنمایەکانی س.ت.پ پێشـــێلدەکەن ئەمەش بەهەماهەنگی لەگەڵ یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران.
5. کردنەوەی خولی هۆشـــیارکردنەوەی تایبەت بە س.ت.پ بۆ کرێکاران و خاوەنکاران بەهاوبەشـــی لەگەڵ سەندیکاکانی کرێکاران.
6. ئەنجامدانی توێژینەوەی تری هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە لە پارێزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستان.
7. کردنەوەی یەکەیەکی تایبەت بەکۆکردنەوەی و شـــیکردنەوەی داتا و ئامارەکانی س.ت.پ لە و.ک.ک.ک وە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانسـتی دەربارەی ئەو زانیارانە وەکو هۆکارەکانی پەککەوتن و مردنی کرێکاران لە کوردستان.

# سەرچاوەکان


١- Joint Committee of World Health Organization and International Labour Organization, 1950

٢- WHO, ILO 2014

٣- دليل المركز الوطني للصحة والسلامة المهنية ٢٠١٣

٤- Occupational Safety and Health in Iraq: A National Profile 2007

٥- قانون العمل رقم ٧١ لسنة ١٩٨٧ المادة ٨، ثانيا

٦- پڕۆژە یاسای ساڵی ٢٠١٢ و.ک.ک.ک. بەشی ١٣پێدوایستیەکانی کار (احتياطات العمل) مادەکانی ٩٨- ١٠٣


# پاشکۆکان

## پاشکۆی یەکەم: ناو و پۆست و وردەکاری بەشداربوان لە چاوپێکەوتنەکان.

بەشداربوان لە چاوپێکەوتنی توێژینەوە

| ر | ناوی سیانی | پۆست | ئیمەیل | مۆبایل | بەروار | واژوو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | محمد قادر محمد هاوڕیانی | وەزیری کار | bahez69@yahoo.com | 0750 4469134 | ٢٠١٥/٢/٢٤ | |
| ٢- | فەرمان حمد زیاد عبدالرحمن | بەرپرسی بەش | Ferman.hse@gmail | 4650081 | ٢٠١٥/٣/١ | |
| ٣- | د.عارف حیتو عبدالرحمن | ب.گ.کار | arifhito.balata@gmail.com | 4551276 | ٢٠١٥/٣/١ | |
| ٤- | هەنگاو عبداللە خان | [illegible] | Krikaran@yahoo.com | 0750 4454465 | ٢٠١٥/٣/٢ | |
| ٥- | صابر عثمان علی | سەرۆکی یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران - لقی هەولێر | Sabir_o.e. hotmail.com | 0750 4461634 | ٢٠١٥/٣/٢ | |
| ٦- | دیدار محمد قادر | بەڕێوەبەری ب.کار | emp.erbil@gmail.com | 0750 44775877 | ٢٠١٥/٣/٣ | |
| ٧- | صدیق رمضان [illegible] | [illegible] | Sadiq_ramadan@yahoo.com | ٤٤٥٠٦٠٨ | [illegible] | |
| ٨- | [illegible] | CEO | eamazouri@yahoo.com | 701-0222 | ٢٠١٥/٣/١٠ | |
| ٩- | [illegible] | خاوەن کارگە | rahel.factory@gmail | ٠٧٥٠٤٤٨٢٧٢٩ | ٢٠١٥/٢/١٢ | |
| ١٠- | نزمی موسا عثمان | جێگری ب.گ.کار | nzmimzuri@yahoo.com | ٠٧٥٠٤٤٩٤٥٢٢ | ٢٠١٥/٣/١٥ | |
| ١١ | ئەمیر صلیوا [illegible] | ڕاوێژکار و.کار | rawezhkar@yahoo.com | ٠٧٥٠٤٥١٧٨٤ | ٢٠١٥/٣/١٥ | |

## پاشکۆی دووەم: پرسیارەکانی چاوپێکەوتنەکان

1. کێ سودمەندە لە خزمەتگوزاریەکانی س.ت.پ؟
2. ئایا بەرزبونەوە و کەمبونەوەی ژمارەی کۆمپانیا و کرێکاران کاریگەری هەیە لەسەر چالاکیەکانی س.ت.پ؟
3. ئایا وزارەتی تەندروستی هیچ رۆڵێکی هەیە لە س.ت.پ، پێت باشە بەشداری بکات؟
4. ئایا کارمەندانی س.ت.پ پیشەگەرن – پرۆفیشناڵن - ؟
5. بەشداریان لە چەند خولی راهێنان کردوە یان چەند خولیان کردۆتەوە؟
6. رات چیە دەربارەی دامەزراندنی سەنتەرێکی س.ت.پ ؟
7. رات چیە دەربارەی یاساکانی تایبەت بە س.ت.پ ؟ بۆ نمونە یاسای ٧١ی کار.
8. پێت باشە پرۆژە یاسایەکی تایبەت بە س.ت.پ ئامادە بکرێ (بە تانها بۆ س.ت.پ)؟
9. بە رای تۆ دەتوانرێ ئەو کرێکارانەی کەوا تۆمارنەکراون سودمەند بکرێن لە یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی؟
10. بەشێوەیەکی گشتی دۆخی س.ت.پ لە هەرێمی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

## پاشکۆی سێیەم: ئەو شوێن و پرۆژانەی کەوا سەردان کراون.

| ر | شوێن / پرۆژە | جۆر | بەروار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| -١ | ڕەنگۆڕی هیوا | میللی | ٣/٣/٢٠١٥ | لەگەڕەکی ڕوناکی. |
| -٢ | ئۆتۆی ئۆتۆماتیکی هەولێر | ~ | ٣/٣/٢٠١٥ | ~ ~ |
| -٣ | هێلکاری هونەریی | کارگە | ٣/٣/٢٠١٥ | پیشەسازی باشور. |
| -٤ | جیهان ستی | پرۆژە | ٤/٣/٢٠١٥ | گەڕەکی ڕاستی نوێ |
| -٥ | کارگەی کاپەشا | کارگە | ٤/٣/٢٠١٥ | ~ ئازادە (ناو پیشانگاکان) |
| -٦ | تاوەری دادپەروەری | پرۆژە | ٨/٣/٢٠١٥ | تەنیشت دادگای نوێی هەولێر |
| -٧ | کۆمپانیای حەیات (پیپسی) | کارگە | ١٠/٣/٢٠١٥ | گەڕەکی ئازادی نزیک پیشانگاکان |
| -٨ | | | | |

## پاشکۆی چوارەم: فۆرمی سەردانە مەیدانیەکان.

**ناوی پرۆژە، شوێن ......................... بەروار / ٣/ ٢٠١٥**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **١- جۆری شوێن /** | آ- میللی | ب- کارگە | ج- پڕۆژە | د- هیتر |
| **٢- ژمارەی کرێکاران /** | آ- تا ٥٠ | ب- تا ١٠٠ | ج- تا ٥٠٠ | د- زیاتر |
| **٣- جۆری کرێکاران /** | آ- خۆماڵی | ب- بیانی | ج- تێکەڵاو | د- نەزانراو |
| **٤- ئەندامان لە سەندیکای کرێکاران/** | آ- هیچ | ب- ٣/١ | ج- ٢/١ | د- زیاتر |
| **٥- تۆمارکراوان لە بەرێوبەرایەتی دڵنیای/** | آ- هیچ | ب- ٣/١ | ج- ٢/١ | د- زیاتر |
| **٦- کاژێرەکان کارکردن /** | آ- > ٨ | ب- ٨ | ج- < ٨ | د- ناڕێکە |
| **٧- سودوەرگرتنی کرێکاران لەپشو /** | آ- نیە | ب- خراپە | ج- مامناوەندە | د- باشە |
| **٨- شوێنی حەوانەوەی کرێکاران /** | آ- نیە | ب- خراپە | ج- مامناوەندە | د- باشە |
| **٩- روداوەکان لەکاتی کارکردن /** | آ- نیە | ب- کەمە | ج- تۆمارناکرێ | د- زۆرە |
| **١٠- حاڵەتی مردن /** | آ- نیە | ب- کەمە | ج- تۆمارناکرێ | د- زۆرە |
| **١١- شوێنەکە بەگشتی تەندروستە /** | آ- نەخێر | ب- تا رادەیەک | ج- مامناوەندە | د- باشە |
| **١٢- رێنمایی تایبەت بە ت.س.پ /** | آ- نیە | ب- خراپە | ج- مامناوەندە | د- باشە |
| **١٣- تۆماری تایبەت بە ت.س.پ /** | آ- نیە | ب- خراپە | ج- مامناوەندە | د- باشە |
| **١٤- ئاگرکوژێنەوە /** | آ- نیە | ب- خراپە | ج- مامناوەندە | د- باشە |
| **١٥- فریاگوزاری سەرەتایی /** | آ- نیە | ب- خراپە | ج- مامناوەندە | د- باشە |
| **١٦- ستافی ت.س.پ /** | آ- نیە | ب- یەک | ج- دوو | د- لیژنە |
| **١٧- پزیشک /** | آ- نیە | ب- کەمە | ج- دەوامی ناڕێکە | د- باشە |
| **١٨- کارمەندی تەندروستی /** | آ- نیە | ب- کەمە | ج- دەوامی ناڕێکە | د- باشە |
| **١٩- کەلوپەلی خۆپاراستن /** | آ- نیە | ب- خراپە | ج- مامناوەندە | د- باشە |
| **٢٠- پابەندبونی کرێکاران /** | آ- نیە | ب- خراپە | ج- مامناوەندە | د- باشە |
| **٢١- هۆکارە مەترسیدارەکان /** | آ- فیزیاوی | ب- کیمیاوی | ج- بایۆلۆجی | د- میکانیکی |

**٢٢- پشكنينى پزيشكى بۆ كرێكار پێش دامەزراندن** / آ- بەڵێ ب- نەخێر

**٢٣- پشكنينى پزيشكى خوليى بۆ كرێكار** / آ- بەڵێ ب- نەخێر

**٢٤- بەشداريكردن لەخولى راهێنان و مەشقكردن پێش دامەزراندن /** آ- بەڵێ ب- نەخێر

**٢٥- بەشداريكردن لەخولى هۆشياركردنەوە دەربارەى ت.س.پ /** آ- بەڵێ ب- نەخێر

**٢٦- ئاوى خواردنەوە** / آ- نيە ب- خراپە ج- مامناوەندە د- باشە

**٢٧- خواردن** / آ- نيە ب- خراپە ج- مامناوەندە د- باشە

**٢٨- ژورى خۆگۆڕين و جلوبەرگ /** آ- نيە ب- خراپە ج- مامناوەندە د- باشە

**٢٩- ئاودەست و دەسشۆر /**آ- نيە ب- خراپە ج- مامناوەندە د- باشە

**٣٠- بەرزى سەقف /** آ- نيە ب- خراپە ج- مامناوەندە د- باشە

**٣١- دوورى نێوان مەكينەكان /** آ- نيە ب- خراپە ج- مامناوەندە د- باشە

**٣٢- روناكى /** آ- نيە ب- خراپە ج- مامناوەندە د- باشە

**٣٣- ژاوەژاو /** آ- نيە ب- كەمە ج- مامناوەندە د- زۆرە

**٣٤- جياكردنەوەى پرۆسە مەترسيدارەكان /** آ- نيە ب- خراپە ج- مامناوەندە د- باشە

**٣٥- جياكردنەوەى مادده مەترسيدارەكان /** آ- نيە ب- خراپە ج- مامناوەندە د- باشە

## پاشکۆی پێنجەم: ئاماری داواکراو لە لایەنە جیاوازەکان.

| ساڵ | دانیشتوانی هەرێم | | هێزی کار (≤ ١٥ساڵ) | | ژمارەی فەرمانبەران | | ژمارەی کرێکاران | | ژمارەی بێکاران | | پێکان (اصابة) | | نەخۆشکەوتنی کرێکاران | | پەککەوتنی کرێکاران | | مردنی کرێکاران | | شوێن و پرۆژەکان | سەردانی تیمەکانی س. ت. پ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | خۆماڵی | بیانی | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | | |
| ٢٠١٠ | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| ٢٠١١ | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| ٢٠١٢ | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| ٢٠١٣ | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| ٢٠١٤ | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |

## پاشکۆی شەشەم: ئامار و داتای بەدەست هاتوو.

| ساڵ | دانیشتوانی هەرێم (ملیۆن) | | هێزی کار | | ژمارەی فەرمانبەران | | ژمارەی کرێکاران | | ژمارەی بێکاران | | پێکان (اصابة) | | نەخۆش کەوتنی کرێکاران | | پەککەوتنی کرێکاران | | مردنی کرێکاران | | شوێن و پرۆژەکان | سەردانی تیمەکانی س. ت. پ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | خۆماڵی | بیانی | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | | |
| ٢٠١٠ | ٢،٤٠٦ | ٢،٣٨٦ | | | | | ؟ | | | ؟ | | | | | | | | | | |
| ٢٠١١ | ٢،٤٧٣ | ٢،٤٥٢ | | | | | ؟ | | | ؟ | | | | | | | | | | |
| ٢٠١٢ | ٢،٥٤٠ | ٢،٥١٨ | | | | | ؟ | | | ؟ | | ١ | | | | | | | | |
| ٢٠١٣ | ٢،٦٠٨ | ٢،٥٨٦ | | | | | ؟ | | | ؟ | | ٧ | | | | | | | | |
| ٢٠١٤ | ٢،٦٧٧ | ٢،٦٥٤ | | | | | ؟ | | | ؟ | | ٣٠ | | | | | ٦٩ | | | ١٩٦٩ |

؟: جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان ئامارەکانی و.ک.ک.ک و دەستەی گشتی ئاماری هەرێم لەگەڵ زاراوەکان.

**پاشکۆی حەوتەم: وێنەی کەلوپەلی خۆپاراستن بۆ کرێکاران**



**پاشکۆی هەشتەم: وێنەی پێکانی کرێکارێک لەکاتی ئیشکردن**



# Research Center - Kurdistan Parliament 2015

# A research on

# Occupational Health and Safety in Kurdistan Region

**Prepared and written by:**

# Dr. Rebaz Tahir Lak

**M.B.Ch.B / FIBMS – CM**

**This study is part of Westminster Foundation for Democracy`s “WFD” programme to support the Research Center of Kurdistan Parliament**